www.kurdistannet.org
16-12-2007 21:43 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کوردستان لە هەساریەکی دیکەیە!! ... هێمن عومەر

پەسەندکردنی یاسایەکی بەم شێوەیە بە ناوی رێکخستنی کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان هەروەکو ئەوە وایە کوردستان لە هەساریەکی دیکە بێت و هیچ لە بارەی بەجیهان بوونەوە نەزانێت، زۆر سەیرە لە سەردەمێك دا کە مرۆڤ لە جیاتی دووگوێ 4 گوێ و لە بری چاوێك 10 چاوی هەیە تۆ بێت یاسا بۆ چۆنیەتی گرتنی گۆچان و خۆلێخورین دابنیت وەکو ئەوەی تۆ هیچ پەیوەندیەکت بە جیهانەوە نەبێت و تازە تەنها فێری ئەلف و بێی کوردی بووبیت و نەزانیت ولاتی تر و ژیانی تر و... هتد هەیە.

رەنگە زمانی ئەم نوسینە زبرو بۆ کەسانێك کە راگەیاندن کورسیەکانی خستووەتە ئاوێکەوە هەر جارەی لایەکی دەکەوێتە خوارەوە ناخۆش بێت بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئێستا لە جیهانێکی وا بچوك دا سەردەمی دەم بەستن و چاو بەستن بەسەر چووە ئاخر پێمان ناڵێن یاسای رۆژنامەگەری کە چوارچێوەیەکی سور بە رووی رۆژنامەکانەوە دەکێشێت چ هێلێکی سوری بۆ سایت و دەزگا راگەیاندنەکانی دەرەوەی ئەم هەرێمە پێیە؟ ئاخر ئەو یاسایانە پێمان ناڵێت تا چەند گونجاوە لە گەڵ جیهانێك کە لە لادێیەکی بچوکەوە وا خەریکە دەبێتە خێزانێك چۆن دێت و لە گەڵ کەسێکی رۆژنامەنوس لە دەرەوەی ئەم هەرێمە کار دەکات لە کاتێکدا نە یاساکانی ولاتێکی دیموکراسی لەو یاسایانە دەچێت نە کەسیش لە دەرەوەی ئەم هەرێمە یان بە نوسینی ناوی خوازراو لە ناوەوەی ئەم هەرێمە گوێ بەم یاسایانە دەدات، خۆئەگەر بە نیازی قەدەغەکردنی ئەنتەرنێت و سەتەلایتیش بن ئەوە شتێکی دیکەیە و دەبێت باسەکە بۆ مێژووی هەرێمی کوردستان پێش راپەرین بگەڕێنینەوە.

پەسەندکردنی یاسایەك کە ئازادی نوسین دەخاتە قاڵبی نایاساییەوە دوای 17 ساڵ لە بانگێشەکردنی ئازادی هەروەك و خۆخەریك کردنە بە تاقی کردنەوەیەکی حیسابی کە دەرئەنجامەکەی دەبێت بە (سفر) ئاخر لەو کاتەدا ئەو هەموو شتەی کە نوسراوە و کراوە و بانگێشەی بۆ کراوە چ مانایەك دەبەخشێت؟ ئاخۆ دەبێت لەم یاسایەدا حساب بۆ ئەوە کرابێت کە جۆرێك لە دژ یەکیەکی دوور لە یەك و هەرگیز نایەکسان لە دەرەوە و ناوەوەی ئەم هەرێمە بەهۆیەوە دروست نەبێت، هەروەك سەردەمی دکتاتۆر خەڵك چۆن گوێی بۆ دەنگ و راگەیاندنەکانی پێشمەرگە دەگرت ئەم جارەیان خەڵك بە دوای سایت و دەزگای راگەیاندنا نەگەڕێت کە لە دەرەوەی ئەم هەرێمەوە قسە لە بارەی ئەم هەرێمەوە بکات چونکە بۆ ئەوان سور نیە!!! ئاخۆ ئەم یاسایانە کە هێلی سوری کێشاوە بە دەمی رۆژنامەنوسانی ناو ئەم هەرێمە بۆ ئەوانەی دەرەوەی ئەم هەرێمە چ پەیامێکی سورو کۆنترۆڵکراوی پێیە؟؟، خۆ ناکرێت بڵێت پۆلیسی نێو دەوڵەتی لە سەر مەسەلەیەکی نادیموکراسی لێ ئاگادار دەکەمەوە، ئەوانەی وترا هەمووی کێشەیەکی گەورەن ئەگەر لە تۆیی ئەم وتارەدا لاوازوو بەدیدی ئێوە بچوك بن دەرئەنجامەکەی لە رەهەندی یاساکانەوە دەکرێ ببینرێت و ئەوکات لە دەست چووە و باجی بەدواوە دێت؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.